www.kurdistannet.org
15/07/2003 19:52

# چەند ووتەیەکی بڵاونەکراوەی زیندەیاد د. قاسملوو ۱۹۳۰-۱۹۸۹
# بۆ یەکەم جار لە کوردستانێتدا بڵاو دەکرێتەوە

**'گە ڵاڵە ، باشووری کوردستان، ساڵی ١٩٨٤، دەورەی کادیرەکان،**
**دەرسێک سەبارەت بە درووشمی بنەڕەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران'**
**لە یادی چواردەمین ساڵی تیرۆرکردنی د. قاسملوو**

**ئامادەکردنی: س. ماکوان**
makwan@ikurd. com



**بەشی شەشەم و کۆتایی:**

. . . مەبەستم ئەوەیە دەمانتوانی بەڵام ئیستیفادەمان نەکرد. مومکینە شەرایەتی ئیستیسنایی بێتە پێش. مەسەلەن فەرز دەکەین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەو شەڕەی بەینی ئێران و عێراق توندتر بێ. باشە ئەوە بگاتە ئەو جێگایەی کە یەکێک لە تەرەفەکان دەخالەت بکەن، مەسەلەن ئامریکا.

ئێستا ئاخرین خەبەر ئەوەیە کە کەشتییەکەی هێناوە و ئەگەر ئێران ئیدامە بە تیرۆریزم بدا ئەویش لە کەشتییەکانی دەدا و پێشی چوونە دەری نەفتی ئێران دەگرێ. ئەگەر ئامریکا دەخالەت بکا شورەویش دەخالەت دەکا. کە دەخالەت بوو دیارە وەزعی ئێران تێکدەچێ کە بە قەولی مەشهوور کەس بە کەس نابێ. جا ئیتر ئەگەر ئەو وەختە وەزعێکی وا بێتە پێش، ئەگەر ئێمە پیاو بین مومکینە شتێکمان دەستکەوێ. یان مەسەلەن سبەینێ ڕژێمی خومەینی دەڕووخێ ئێمە نەزەرمان ئەوەیە بە سەراحەتیش گوتوومانە هەر هێزێک بێتە سەر کار دیکتاتۆری دابمەرزێنێ ئێمە لە زیدە ڕادەوەستین. هێزێکی وا بێتە سەر کار دەبێتە شەڕی داخیلی و ببێتە شەڕی داخیلی هەر لە گەڵ ئێمە نابێ، چونکە عەرزم کردن هێزی دیکەش هەیە، ئەوە بەلووجە، ئەوە سازمانی دیکەیە. وەزعێکی زۆر خراپ و عەجایەب لە ئێراندا پێکدێ و دەبێتە شەڕی داخیلی. ئەو شەڕە داخیلییە لە ئێراندا لە لوبنانیش خراپتر دەبێ. چونکە جێگاکەی زۆر حەساسترە لە لوبنان. جا ئەو وەختە حیزب بڕیاری خۆی دەدا کە چ بکا.

بەڵام ئەو شتانە حاڵەتی ئیستیسناییان هەیە و ئەوانە لە لایەک دادەنێین و حاڵەتی ئێستا باس دەکەین. شوعارمان ئەوەیە کە باسمان کرد. بەڵام ئێمە وا دەڵێین ئەگەر توانیمان خودموختارییەکی باش وەربگرین بە برای کوردی عێراقی خۆمان دەڵێین با {بەیەکەوە} تەسبیتی بکەین. بێگومان ئێران لەوەدا لە هەمووان زۆرترە دەبێتە نموونەیەک بۆ کوردستانی عێراق و بۆ کوردستانی تورکیەش. ئەوە لە کەس شاراوە نیە کە کە دەوڵەتی تورکیە موستەقیم — ڕاستەوخۆ- لە کوردستانی عێراق دەخالەتی کرد. بەڵام ئێمە پێمانوایە ئەگەر سبەینێ ڕژێمی خومەینی ڕووخا و ئێمە خودموختاریمان وەرگرت، دەوڵەتی تورکیە ناتوانێ هیچ بکا. {تورکیە} ناتوانێ دەوڵەتی ئێران لە ژێر. . . بەئیستلاح فشارێکی وادابنێ کە خودموختاری ڕەدبکاتەوە. تازە ئەگەر ڕژێمی خومەینی ڕووخا ئێمە ڕانەوەستین و داوای خودموختاری بکەین. خودموختاری تەسبیت دەکەین، ئێعلامی دەکەین. دیارە ئیتر ئەوە ناکەین نامەی

سەرگوشادە —سەرئاوەڵا– بنووسین وەک ئەو وەختەی بۆ خومەینی مان نووسی. ئەو جارە بۆ کەسێکی دیکەی بنووسین، تازە بۆ کەس نەمە نانووسین.

کەوابوو ئەگەر ئێمە لە ئێراندا خودموختاریمان دەستکەوت دەبێتە نموونەیەک بۆ عێراق. مەسەلەن فەرز دەکەین، ئێمە پێمان خۆش بوو کە لە عێراقدا، ئێستا برادەرانی یەکیەتی نیشتمانی لە گەڵ ڕژێمی عێراقدا بگەیشتبانە ڕێکەوتنێک. ئەگەر ڕێککەوتبان ئەوەی کە ئەوان دەستیان دەکەوت لە ئێستای ئێمە زیاتر بوو، هیچمان دەستنەکەوتووە تەنیا بۆ خۆمان هەین دەنا حکوومەتی ئێران لە سەر هیچ شتێک مەوافقەتی نەکردووە. دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی هەر هیچ قبووڵ ناکا. خودموختاری هەر لە بناخەوە قبووڵ ناکا. باشە ئەوان {یەکیەتی نیشتمانی} دەهاتنە ئێرە یانێ هێندێک وەسەردەکەوتن. . . . . ئەگەر {ئەوان} کورد حەقەکەی وەرگرتبایە، ئێمە پشتی جبهەیەکی باشمان هەبوو. زۆر باشتر دەبووین بە پشتیوانی ئەوان، ئێمە دەمانتوانی زووتر ڕژێمی خومەینی بڕووخێنین. کە ڕژێمی خومەینی مان ڕووخاند ئەوجار ئەو خودموختارییەی ئێمە لێرە وەرمان دەگرت زۆر زیاتر دەبوو لە ئەوەی کە ئەوان وەریان دەگرت. بەڵام ئەوانیش دەبوا بەرە بەرە زیاتریان بدەنێ.

. . . تەنانەت ئەو تەرحەی کە شورای میللی موقاومەت تەسویبی کردووە، ئەوە بەرنامەی ئێمە نیە. ئێمە ڕەئی —دەنگ– مان نەداوە، پاش کێشەیەکی زۆر بە تەسوییبیان گەیاندووە. بەرنامەی ئێمە زیاتر لەوەیە. بەڵام برادەرانی یەکیەتی نیشتمانی زۆر بەوە قانێع بوون کە تەرحێکی وا حکوومەتی عێراق تەسویب بکا. هەر پێشنیارەکەیان ئەوە بوو کە {ووشەی} ئێران بە عێراق بگۆڕنەوەو تەواو و مەوافیقەت بکەن. کەوابوو ئەو تەرحە هی حکوومەتێک نیە، شورای میللی موقاومەت لە سەر کار نیە، سبەینێ لە سەر کار بێ مومکینە ئەوە قبووڵ نەکا. بەڵام ئەو تەرحەی زیاتر بوو لەوەی کە ئەوان ئێستا پاش چەندین ساڵ خەبات وەدەستیان کەوت، ئەگەر ئێمە بتوانین شتی خۆمان، هۆوییەتی میللی خۆمان لە ئێران لە عێراق و تورکیە تەسویب بکەین. ئەو وەختە دیارە دەتوانین پێکەوە ڕابیتەشمان هەبێ. ئیدی نەسڵی ئایەندە {داهاتوو} بۆ خۆی بڕیار دەدا ئایا وەک ئێمە {خودموختاری دەوێ یان نە}.

ئەسڵەن مومکینە لە نەسڵی داهاتوودا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ خۆی ببێتە حکوومەتێکی فیدراڵ. کوردیش بۆ خۆی دەبێتە حکوومەتێکی فیدراڵ لە بەینی دەوڵەتاندا. ئەوە مەعلووم نیە چی لێدێ. بەڵام ئەو وەختە پاش تەسبیتی هۆوییەتی میللیمان ئەوە ئەگەر کورد بیهەوێ یەکبگرێتەوە بۆی زۆر ئاسانتر دەبێ. بائەوەش بڵێم چونکە هەر وڵاتێک شەرایتی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە گەڵ وڵاتی دیکە فەرقی هەیە، ئێران لە گەڵ عێراق، عێراق لە گەڵ تورکیە و ئێران لە گەڵ تورکیەو سوریە. هەر بۆیە شێوەی جۆراوجۆری خەباتیشمان هەیە.

بۆ نموونە ئێمە لە گەڵ برادەرانی کوردی تورکیە {قسەمان} کرد، لەو جەرەیانەشدا من سێ چوار جار قسەم لە کەڵ کردن و پێمگوتن، زۆر وریا بن خۆتان تووشی شەڕی چەکداری نەکەن چونکە حکوومەتی تورکیە خوداخودایەتی – لە خودای دەوێ، پێی خۆش دەبێ– چونکە ئەوەڵەن جووڵانەوەکە زۆر زەعیفە، لە هەر جێگایەک هەر چی بکا هەر دەشکێ. حکوومەتی تورکیەش ئەوە دەکا بە موستەمسەک بۆ ئەوەی ئاخرین شوێنەواری دیمۆکراسی لە بەین بەرێ. چونکە تورکیە لەو بارەوە فەرقی هەیە لە گەڵ ئێران، چونکە تورکیە ئەندامی ناتۆیە، پارلمانی ئوروپا فشاری بۆ دێنێ کە هەر نەبێ لانیکەمی دیمۆکراسی ڕەعایەت بکا. . . . تورکیە هەر ئێعتراف ناکا بەوە کە کورد هەیە، هەر دەڵێ کورد نیە. ئەوە لە فەرهەنگی عیلمی تورکیەدا نووسراوە. من بۆ خۆم {ئەم مەسەلەیەم} لە کتێبەکەمدا 'کوردستان و کورد' هێناوە. {لە فەرهەنگەکەیاندا} کەلیمەی کورد نووسراوە لە پاشان نوسیویەتی ئەو تورکانە کە لە سەر شاخی دەژین و زمانی زکماکی تورکیان لە بیر چووەتەوە. یانێ کورد، تورکی ئاوان، چونکە چوونەتە شاخی زمانی تورکیان لە بیر چووەتەوەو و ئێستا بوون بە کورد و زمانێکیان هەیە کە کەس لێیان حاڵی نابێ. مەقسەدم ئەوەیە کە شێوەی خەباتیش فەرق دەکا. یانێ مەسەلەن هەروا نابێ کە لە ئێران و عێراق شێوەی خەباتی چەکداری هەیە {لەوێش با هەبێ}. من پێموایە بەو ئەرتەشەی تورکیە هەیەتی {خەباتی چەکداری} زەرەری زیاتری هەیە لە قازانج و لە بەر ئەوە دەبێ ڕێگای دیکە هەڵبژێردرێ.

موومکینە لە سوریەش هەروا بێ، لە پاشان لە سوریە شتێکی دیکەش هەیە ئەوەش ئەوەیە کە ئەو بەشەی کوردستان بە ئیستلاح. . شاخی یەکجار زۆر کەمە، هەمووی دەشتە. بۆ خۆتان دەزانن یەکێک لە عامیلەکانی هەرە گەورەی بە ئیستلاح ئەو موقاومتەی ئێمە

ئەوەیە کە لەو شاخ و داخەداین، یانێ ئەگەر هەموو دەشت با ئێمەش نەماندەتانی خۆمان ڕابگرین. کەوابوو شەرایت لە هەر کام لەو وڵاتانەدا فەرق دەکا وەک یەک نیە لە هەموو بارێکەوە، لەبەر ئەوەیە کە مومکینە شێوە خەباتەکەش {جیاواز بێ}. مەسەلەن لە تورکیە شێوە خەباتی پارلیمانی بێ، باشترە. یانێ ئەگەر کورد بتوانێ حیزبێکی باش بۆ خۆی دابنێ و لە ئینتیخاباتێکدا کە نیسبەتەن ئازادە بەشداری بکا و نوماینەدەی خۆی هەبێ کە جاران مەترەحیان دەکرد لە پارلمان دا باس بکا و ل{مەسەلەی کورد} مەترەح بکا و خەڵک پشتیوانی لێبکا. چونکە تورکیە وڵاتێکی ئوروپایشە، . . . پارلامانی ئوروپا هەتا ئێستا چەندین بڕیارنامەی لە سەر کورد لە کومیسیۆنەکانی پارلمانی ئوروپا تەسویب بووە. مەسەلەی کورد لەوێ برێک فەرق دەکا. بەڵام ئیدی ئەوە بەستراوەتەوە کە خودی کوردی تورکیە تا چ ڕادەیەک دەتوانن موتەحید بن، جووڵانەوەیەکی بەهێز پێکبهێنن. ئێمە ئەگەر یەک ’کۆمەڵەمان’ {ڕێکخراوی کۆمەڵە کە ئەو دەم تازە ببوە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران}، بە داخەوە ئەوان دە پازدەیەکیان هەیە. یانێ ئەوەی کە من دیومە هەتا ئێستاش شتی چکۆڵە چکۆڵە هەن، لەوێ هەمووشیان تووندو تیژن لە پ کا کا وە بگرە هەتا ئاڵای ڕزگاری، هیچیان واقێعبینانە مەسەلەکە مەترەح ناکەن. هەروا بۆ خۆتان دەزانن، بە تەوەهوموە کە دیوتانە لێرەش غەیرە واقێعبینانە مەترەحی دەکەن. کە دیارە ئەوە بۆ خۆی ئیشکالاتێک پێکدێنێ. یەکێک لە کۆسپە هەرە گەورەکان خودی تورکیەیە، دیارە کۆسپیشە بۆ هەموو مەسەلەی کورد.

لە بارێکی دیکەشەوە کە ئاخرین شتە دەمهەوێ پێتان بڵێم ئەوەیە ئەگەر ڕۆژێکیش قەرارە مەسەلەن شوعاری سەربەخۆیمان هەبێ، یەکێک لە شتەکان ئەوەیە کە لە باری بەینەلمیللییەوە —نێونەتەوەییەوە- وەزعەکە ئامادە بکرێ یانێ لە باری ئەفکاری عوومی. ئێمە لەو بارەوە زۆر لە پاشین، ناڵێم وەک پێشترین. لە چەند ساڵ لەمەوبەر، یانێ مەسەلەن بیست ساڵ، بیستوپێنج ساڵ لەمەو پێش، ئەتۆ لە هەر جێگایەک باسی کوردت بکردبایە، دەبوو نەخشەیەکیش دەرهێنی و بۆیان بکێشیەوە و بڵێی ئەوە ئێرانەو ئەوە تورکیەیەو ئەوەش عێراقە و ئەوە ئێمەش لێرەین. ئێستا ئەوە نیە، لە هێندێک وڵاتدا بە تایبەتی لە ئوروپا زۆر کەس دەزانێ کە کورد چییە؟ و چی دەوێ؟ بەڵام ئەوە جارێ بە تەواوی ئەو جۆرە کە دەڵێن ئینترناسیۆنالیزە نەبووە، یانێ نەبووەتە بەینەلملەللی {نێونەتەوەیی}. هێندێک حکوومەت {لە مەسەلەی کورد} شت دەزانن، هێندێک ڕۆژنامەنیگار نووسیویانە و هێندێک شت لە سەر تەلەفزیۆن نیشان دراوە. بەڵام ئەوە هەر زۆر کەمە، ئەوە دەبێ زیاتر بچێتە ناو خەڵک. بە تایبەتی ئەفکاری عوومی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ئوروپای ڕۆژئاواو لە ئامریکای شیمالی زۆر مۆهیمە. ئەگەر لە بیرتان بێ لە مەسەلەی ویتنامدا ئەفکاری عوومی ئامریکا نەخشێکی یەکجار گەورەی هەبوو، هی ئوروپای ڕۆژئاواش هەروا.

بەڵام هی ئێمە جارێ وای لێنەهاتووە، خەباتێکی برێک درێژتری دەوێ، ئەو خەباتەی لە ژوورەوە هەیە دەبێ مونعەکس بکرێتە دەرەوە. بۆ ئەوەی کە زەمینەش لەو بارەوە ئامادە بکرێ حەتا بۆ مەسەلەی خودموختاریش. کە ئێمە دەڵێین خودموختاریمان دەوێ دەبینین کە ڕۆژ نیە سەدای ئامریکا- ڕادیۆ دەنگی ئامریکا- باسی ئەفغانستان نەکا کە چی دەکەن و موجاهیدین {موجاهیدینی ئەفغان} چیان کردووە و فلان چونکە زیدی شورەوییە خەباتەکەیان بەڵام باسی ئێمە ناکا. لە حاڵێکدا ئەو شەڕەی ئێمە دەیکەین قابیلی موقایەسە نیە لە گەڵ شەڕێک کە موجاهیدینی ئەفغان دەیکەن. ئێمە فیلمێکمان هێنابوو، نیشانمان دا کە وەزعیان چۆنە، ئەوەی هەرە باشتریان مەسعودی فەرماندیەیە {ئەحمەد شا مەسعوود}، فیلمی ئەومان هێنا بوو کە فەرانسەیەکان هەڵیانگرتووە، نیشانمان دا کە وەزعیان چۆنە. ئەگەر ئیمکانی هەبێ داوادەکەم کە نیشانتان بدەن. برادەرێک خراپ حاڵی بوبوو دەیگوت ئەوە فیلمێکی زیدی شورەوییە کە نیشان دراوە. ئێمە مەبەستمان لەو فیلمە ئەوەیە کە شێوەی خەباتەکەمان موقایسە بکەین. بزانن کە ئەوان ئەو هەمووە یارمەتییەشیان دەدرێتێ، بە میلیۆن دۆلاریان بۆ دەچێ، پاکستانیان هەیە، ئێرانیان هەیە و ئامریکایان هەیە و ئەفکاری عوومی ئەوەندە تەحریک بووە لە وڵاتانی غەربی بە قازانجی ئەوان، بزانن وەزعیان چییە؟ و موقایسەی لە گەڵ وەزعی خۆتان بکەن و بزانن ئێمە وەزعمان چۆنە؟ و ئەوان وەزعیان چۆنە؟ ئێمە چەندە مونەزەمم و موجەهەزین-تەیار- بە نیسبەت ئەاون. دیارە بۆ خۆمان لە خۆمان ناڕازین، بەڵام نیسبەت بە ئەوان، جا ئەویش ئەو فیلمە هی بەشێکییە کە لە هەمووان موجەهەزترە. . . . لە هەمووان موجەهەزتر ئەو مەسعوودەیە لە هەمووان مەشهوورترە، لە هەمووان بە ئیستلاح لە پێشترە، موقایسەی بکەن. بەڵام هەموو ڕۆژێک باسیان دەکەن، هەموو ڕۆژێ ئەفغانی وای کرد، فلانی کرد.

www.kurdistannet.org

ئێمە شتێکی زۆر گەورە نەبێ باسیشمان ناکەن چونکە مەسالیح ئیجاب ناکا، ئەوەی کە لێرە عەرزم کردن {ئەفغانستان} مەسڵەحەت ئیجاب دەکا کە باسی بکەن. هی ێئمە مەسڵەحەت ئیجاب ناکا. بەڵام ئەگەر ئێمە بتوانین ئەفکاری عموومی حاڵی بکەین لە ئامریکا لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ئورووپای ڕۆژئاوا ئەوە حەتا تەئسیر دەکاتە سەر وڵاتانی سۆسیالیستیش. ئەو تەجروبەمانە هەیە. ئەفکاری عموومی دەبێ مەسەلەی کورد بناسێ، ئەوەش هەم بە پەرەپێدانی موبارزەکەمان دەبێ و هەم بە مونعەکس کردنی ئەو خەباتە بە شوەیەکی درووست و ئسوولی لە دەرەوە. هەم هی ئێمە و هەم هی کوردی عێراق، ئەو وەختە دیارە نەتیجەی باشتری دەبێ. یانێ ئەگەر ڕۆژێک مەسەلەکە هاتە مەیدان، ئەسلەن کەسیش هەیە بزانێ بابە کوردیش بۆ خۆی میللەتێکە، حەقی هەیەو زۆری لێکراوە. ئەوە جارێ بە تەواوی لە دەرەوە نەناسراوە و بە تەواوی نەچووەتە نێو {بیروڕای گشتی} ؛بەو شێوەیە پان و بەرینە کە پێویستە هێشتا نەناسراوین. **کۆتایی**

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.